# ئافرەتانی کورد بۆ لە فرەژنی دەترسن

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**ڕەنج شێخانی ( باوکی ئەسماء )**

**پێداچوونەوەی: پشتیوان صابر عزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# لماذا تخاف النساء الكُرديات من تعدد الزوجات

« باللغة الكردية »

رنج شيخاني ( أبو أسماء )

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ئافرەتانی کورد بۆ لە فرەژنی دەترسن

بەردەوام ئەم باسە ووروژێندراوە لەلایەن چەندین ڕێکخراوی ئافرەتان و ڕاگەیاندنەکانەوە، تاوەکو هەرچۆنێك بێت هەوڵی ڕێ لێگرتنی بدرێت و ، کاتێکیش داوای بەدیل لەو پارت و ڕێکخراوانە دەکرێت، هەندێکیان هیچی پێ نیەو، هەندێکی تریان لە ئاستی بەرپرسیاریەتیدا دەڵێت: با مەلهاو بارِ بکرێتەوەو، هەندێکی تر دەڵێن: با عەورەتی دەستکردمان بۆببێت لەدەرەوەی ولآت، دوور لەڕوی بەڕێزتان ، پێی وایە ئەوە دەبێتە چارەسەر، تا کۆتایی لێدوان و باسەکان کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەبێتە هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەی هاوسەرگیری و لەم ڕووەشەوە تەنها ئافرەتان باجی قورس دەدەن!.

هەرچەندە باسەکەی من لەسەر خاڵێکی دژواری ترە لەو ڕووەوە، کەبۆتە هۆی دڵە ڕاوکێ و ساردبونەوەی ئافرەتان لەپرۆسەی هاوسەرگیری فرەژنی دا، بەشێوەیەك نە ژنی یەکەم بە ئاسانی ڕازی دەبێت ژنی دووەمی بەسەردا بێت ، نە ئافرەتانیش دەوێرن سەر بە هەویە شو بکەن!.

بەڕای من هۆکاری دواکەوتنی ئەم هاوسەرگیریە ئەگەر چی لایەنی دەسەڵاتدار بەیاسای دەستکرد، ئەو حوکمە شەرعیەی وەستاندووەو، زۆرێك لە ڕێکخراوەکانی ژنانیش بەتەواوی

ئافرەتانیان ترساندووەو ڕێگریان لێ کردوون و دووریان خستونەتەوە لەو پرۆسەیە!.

بەڵام بەڕای من گەورەترین هۆکارو ترس و دڵە ڕاوکێ کە بۆ ئافرەتان دروست بووە، پیاوان خۆیانن و زۆرێك لەو پیاوانەی کەوا ژنی دووەمیان هێناوە نەیان توانیوە دادپەروەری لەنێو خێزانەکانیان بچەسپێنن و، مەیلیان نەدابێت بەلایەك و لایەکەی تریشیان نەکردبێتە قوربانی حەزو ئارەزوەکانی خۆیان!.

بەڕاستی پیاوانی کورد گەر چەند نمونەیەکی سەرکەوتویان پیشانی کۆمەڵگەی کوردی بدایە لە جێ بەجێ کردنی مافەکانی نێوان خێزانەکانیاندا ئەوە ، دەتوانرا ئەو بەربەست و ڕێگریانە بە ئاسانی بشکێنرانایە، بەڵام بەداخەوە ئەو نمونانە بەپەنجەکانی دەستیشمان ناژمێردرێت!.

کەوابوو پێش ئەوەی پیاو باسی فرەژنی بکات و لەبەر حەزو ئارەزوەکانی بڵێت: سوننەت زیندوو دەکەمەوە، دەبێت ئاگای لەفەڕزەکانی بێت نەیفەوتێنێت بۆ خاتری سوننەتێك، چونکە ئەو پیاوەی کەوا خاوەنی دوو خێزانەو دادپەروەر نەبوبێت لەنێوانیاندا، ئەوە لەڕۆژی دوایی دا بەشانی خواری، یان بە دوو کەرت کراوی حەشر دەکرێت!.

دادپەروەریش لایەنی ماددی و مەعنەوی یە بۆ هەردوو خێزان کەوا ، دەبێت چی لەڕوی مانەوەوەو بەدەمەوە چونەوە ، وە چی لەڕوی مادی یەوە دەبێت وەك یەك تەماشایان بكات و بمێنێتەوە لایان، ئەگەر چی دڵیشی بەلای یەكێكیاندا زیاتر بڕوات ئەوە ناچێتە ناو نادادگەریەوە، بەو مەرجەی بەشێوەیەك لەشێوەكان لەپێش چاوی كەسیاندا فەزڵی ئەوی تریان نەدا بەسەر ئەوی تردا!.

چونكە ناكرێت خێزانێك باشتر بێت لەوی تر ، هەردووكیانی وەك یەك خۆش بوێت!.

كەوابوو پیاو پێش ئەوەی بیر لە خێزانی دووەم بكاتەوە بەهەر هۆیەك لە هۆیەكان، دەبێت بیر لەوە بكاتەوە كە ئایا ئەو دەتوانێت خێزانێك بەڕێوە ببات و دادپەروەربێت لەگەڵیدا، تا بتوانێت مافی دوو خێزان یان زیاتر بدات؟.

وە ئایا پیاوان بەڕاستی ئەم سوننەتە زیندوو دەكەنەوەو ڕازی دەبن ئافرەتێك بێنن كە بێوژن بێت و خاوەنی منداڵ بێت یان ، تەمەنی گەورە بێت و داواكاری نەبێت؟.

یان ئەم ووتەیە تەنها بۆ چەواشەكردن و تێركردنی حەزو ئارەزووەكانی خۆیەتی؟.